# ئاراس و شڤان ... حەماسە باران

بەختیار شاخی
bshakhy@hotmail.com



لە منداڵییەوە، هەر کە گوێمان لە دەنگی شڤان پەروەر بووە، تەزوویەک سەراپای جەستەمانی تەنیوە، تەزوویەک کە ببوە وزەی سەرەکی بۆ شۆڕش و نیشتمانپەروەری، دەنگی شڤان هاوارێک بوو لە قورگی هەموو کوردێکەوە دەردەچوو، ئێستاش، وێڕای گۆڕانی چەمکگەلی شۆڕشگێڕی و ڕێکاری سیاسەت، هێشتا شڤان بۆ کورد داینەمۆیە.

جاروبار، لێرە و لەوێ، هەندێ دەنگی کز باس لە مردنی ڕۆحی شۆڕشگێڕی و نەمانی ئینتیمای نیشتمانپەروەری دەکەن، بۆیە دەڵێم کز چونکە بە بۆچوونی ئەوان ئەو ڕۆحییەتە هەر بنکریشی نەماوە و بەوە قایل نین کە بڵێن کز بووە و ڕۆڵی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستان ڕوویان داوە بە هەند وەرناگرن و بەقەولی خۆیان «موناقەشە هەڵناگرێ». بەڵام لە بەرایی ئەم مانگەدا لە ئێوارە کۆنسێرتێکدا کە دەزگای ئاراس بۆ شڤان ڕێکیخستبوو، ئەو دەنگە کزانە کپتر بوون.

ئەو ئێوارەیە شڤان جۆش و خرۆشێکی سەیری بە بیسەرانی بەخشی، کەس نەبوو هەست بە هەمان تەزووی جاران نەکات، جووڵەی نائیختیاریی جەستەی گەنج و پیری ئامادەبووی کۆنسێرتەکە و شاگەشکەبوونیان ئەوەی سەلماند کە هێشتا ڕۆحی ئەوان بە دەنگی شڤان شارێژ دەبێتەوە. لەو کاتەدا هەستم بەو سیحرەش کرد کە لەشەڕی عێراق – ئێراندا چۆن مەلاکانی ئێران کە بە ئاخوند ناسراون بەرلە هەر هێرشێک سەربازانیان کۆدەکردەوە و دوای هەندێ قسە، سەربازان دەگریان و پەلەیان بوو بچنە مەیدانی شەڕ تا زووتر «شەهید» بن، ئەوسا خەڵک دەیانگووت «ئاخووندەکان کلیلی بەهەشتیان بەسەربازەکان بەخشیوە»، ئاخۆ شڤان کلیلی کوێی لابێت کە ئاوا گەنجانی وەخرۆش خست؟ نەک خرۆشی دانس و سەما و هەڵپەڕین کە ئەمەیان بە شایەرەکانیش دەکرێت، خرۆشی خۆشویستنی نیشتمان، یەکێک لەو گەنجانەی کە گوایە تورەن و بەقەولی دەنگە کزەکان «تەنها شتێک کە بە کوردستانیانەوە دەبەستێتەوە پێڵاوەکانیانە» ئاڵایەکی کوردستانی بەدەستەوەبوو کە بەجووڵەی هێندە جوان و دەڵگەرمییەوە رایدەوەشاند، فرمێسکی خستبووە چاوی زۆرکەس.

چاپکردنی کتێب کارێکی چاکە، بەڵام کاتێک بەشی زۆری ئەو کتێبانە بۆ پۆز لێدان دەخرێنە دیکۆری پشت مێز و میوانخانەی ماڵەکان، کاتێک هەموو کارێکی جوان، ڕووبەڕووی دەیان توانجی نابەجێ دەبێتەوە، کاتێک هەم ڕەخنەگر و هەم ستایشکار بوونەتەهۆی ماندوو کردنی خەڵک، دەبێ دەرفەتێکیش بۆ پشوودان هەبێت، بۆیە ئەوکارەی ئاراس هیچ لە چاپکردنی کتێب کەمتر نەبوو، کتێبێک کە نەخرایە ناو کتێبخانەیەکی شووشەیی پشت مێزێکی کۆنکرێتی، کتێبێک کە زۆر لە ڕۆمان دەچوو، ڕۆمانێک تژی لە داستانەکانی بەرخوودانی میللەتێک، ئەوانەی لەو کۆنسێرتەبوون هەموویان لەیەکەم لاپەڕەوە تا دوابەرگیان خوێندەوە و چێژیان لێوەرگرت.

دەستخۆشی بۆ دەزگای ئاراس و خۆزگە ئەگەر بەشێوەیەکی وەرزییش بوایە، ناوبەناو ئێوارەکانی تەمەنمان ئاوا پڕ خرۆش بکات.